# نێرگز

گۆڤارێکی مانگانەیە، ناوەندی نێرگز
بۆ پەروەردەی فکری و هونەری
منداڵانو مێرمنداڵانی
کوردستانی ئێران، دەریدەکات

ژمارەی: 13

31ی گوڵانی 1389ی هەتاوی 21مەی 2010ی زایینی)




www.nergiz.info
navendinergiz@yahoo.com

# گوتەی ژمارە

وەرزی خوێندن کۆتایی پێهات، بەڵام فێربوونو خوێندنەوە هەرگیز کۆتایی پێنایەت. کەوایە دروست وایە لەم وەرزەدا کە نزیك بە چوار مانك قوتابییەکان لە پشوودان، بە باشترین شێوە سوود لە پشووی هاوینیی خۆیان وەربگرن.

بۆ نموونە ئێمە دەتوانین لە کۆرسی زمانە دەرکییەکاندا بەشداریی بکەین، یان خود بە پێی حەزو دڵخوازی دەروونی خۆمان رشتەیەکی هونەریی هەڵبژێرینو لەم ماوەیەدا کە لە پشوودایین شتێکی نوێ فێر ببین. بەم شێوەیە هیچ کات لە خوێندن دانابڕین بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین سوود لە قوتابخانەکان وەربگرینو کتێبی غەیرە دەرسی بخوێنینەوە.

بەڵام ئەوەیکە بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە ئێوە دەبێ لە پێشدا بۆ هاوینی ئەمساڵ بەرنامەرێژی بکەن، تا تووشی ئاڵۆزی نەبن. هیچ کاتیش چاولێکەری مەکەن، بۆ نموونە ئەگەر خزم یان خود هاورێیەکتان رشتەیەکی هەڵبژاردووە، ئێوەش بە بێ لێکدانەوە ئەو رشتە هەڵمەبژێرن، بەڵکوو بزانن بۆخۆتان حەزتان لە چییە. هیوادارین هاوینێکی خۆشتان هەبێتو بە باشترین شێوە سوود لە وەرزی پشوو وەر بگرن. وەرزشیشتان لە بیر نەچێ. چون وەرزش مایەی تەندروستیە.



بەرپرسیاری گۆڤار: فاتیح ساڵحی
سەرنووسەر: هەژیر قادری
دەستەی نووسەران: رێژگە بەهرامی، پەرەستوو کانیسیرانی، کەیوان غوڵامعەلی، دڵنیا پیری، دیار مستەفایی

## جووجەڵەی بەجێماو

یارمەتی ئەو جوجەڵە بدەن تا لە دایکو خوشکو براکانی بەجێ نەمێنێ.



قوتابخانەکان داخران و ساڵی خوێندن کۆتایی پێهات، بەڵام فێربوون هەرگیز کۆتایی پێنایەت. لە وەرزی پشوودا ناوەندی نێرگز ئامادەیە بە باشترین شێوە کاتە بەتاڵەکانی ئێوە پڕ بکاتەوە. بۆ ناونووسی کردنی خۆتان لە کلاسە هاوینییەکانی ناوەندی نێرگز سەردانی ناوەند بکەن.



# ئەفسانەی پەریی دەریایی



لە رۆژگارانێکی کۆندا لە نێو دەریایەکی ئەفسوناویی، پەریەکی دەریایی بە ناوی ئاریل دەژیا. ئاریل بەردەوام لە ژیانی سەرەوەی دەریا بیری دەکردەوە، دەڕۆیشتە سەر ئاوو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: خۆزگە من پەری دەریایی نەبوایەتمو بنیادەم بوایەتم ئەو دەم دەمتوانی لە تەنیشت مرۆڤەکاندا بژیم.



بەڵام باوکی ئاریل بەدژی ئەم کارەی ئاریل بوو. چون پەری دەریایی ماف ئەوەی نەبوو کە بڕواتە سەر ئاو. بۆ ئەم مەبەستەش پارێزەرێکی بۆ ئاریل دانا تا نەهێڵێ بڕواتە سەر ئاو، جگە لەمەش هۆشداری پێدابوو کە ئاریل نزیك مرۆڤەکان نەکەوێت.



بەڵام ئەم کارە بێ سوود بوو. چونکە رۆژێکیان لە دەریا زەریان هەڵیکردو شازادەیەك کەوتە نێو دەریاوە، ئاریل سەیری کردو بە خێرایی شازادەکەی دەرهێناو لە مردن رزگاری کرد. کاتێ لە کەنار دەریا بە جێی هێت بە دەنگێکی خۆش گۆرانیەکی بۆ خوێند شازادە کاتێ هاتەوە هۆش دنگی پەری دەریایی لە دەروونیدا دەنگــ دەدایەوە. شازادە نەیدەزانی چیبکات، بە تەواوی سەری سووڕمابوو. لەملاشەوە باوکی ئاریل لە کچەکەی تووڕە ببو کە فەرمانی باوکی بە جێ نەگەیاندووە.



ئاریل بە باوکی گوت: باوکەی گیان من تەنیا دەمویست یارمەتی بدەم. ئاریل زۆر حەزی دەکرد جارێکی دیکە ئەو شازادەیە ببینێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش رۆیشت بۆ لای سێحربازی خراپی دەریاو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.



سێحربازەکەش بە ئاریلی گوت: من تۆ وەك مرۆڤ لێدەکەم بەڵام تۆ دەبێ دەنگی خۆت بدەی بە من. ئەگەر تا سێ ڕۆژ نەتوانی دڵی ئەو شازادەیە بە دەست بێنی ئەو بۆ هەمیشە ئەو دەنگە خۆشەت دەبێ بە دەنگی من. پەری دەریای لە مەرجی سێحربازەکە ماوەیەك بیری کردووە. بۆیە هاتە سەر ئەو بروایە کە قەبووڵی بکات.

ئاریل قەبووڵی کرد. پاشان وەك مرۆڤی لێهات.ئێستا نەیدەتوانی وەك جاران بە ئاسانی لە نێو ئاودا بژیو مەلە بکات. هاوڕێکانی یارمەتیان داو ئاریلیان بردە سەر ئاو. کاتێ شازادە لە کەنار دەریادا ئاریلی بینی، نەیدەزانی کێیەو ناوی چیە بۆیە پێی گوت: تۆ ناتوانی قسە بکەی لەگەڵم وەرە با کۆشکەکەمت پێ نیشان بدەم.





لە دووهەمین ڕۆژی چاوپێکەوتیان ئاریلو شازادە ئێریك خەریکی بەلەم سواری بوونو کاتێ ئێریك دەیویست بە ئاریل بڵێ خۆشم دەوێی، مارماسیەکانی سێحربازەکە بەلەمەکەیان هەڵگەڕاندەوە.هەواڵەکەشیان بردەوە بۆ ئەربابەکەیان.سێحربازەکە کاتێ ئەمەی زانی دەنگی ئاریلی لە گوێ ماسیەکدا هەڵگرتو وەك ملوانکە کردیە ملی.

خۆیشی وەك کچێکی جوان دەرهێناو ڕۆیشت بۆ لای شازادە ئێریك. کاتێ سڵاوی لێکرد شازادە دەنگەکەی ناسیەوە بڕیاری دا هەر هەمان ڕۆژ لەسەر بەلەمەکەیدا لەگەڵ سێحربازەکە زەماوند بکات چون وایدەزانی ئەو هەمان پەری دەریایی مێهرەبانە.

کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی ئاریل بە بیستنی ئەم هەواڵە کەوتنە خۆیانو بڕیاریان دا نەهێڵن ئەم زەماوندە سەر بگرێت. بۆیە هێرشیان کردە سەر بەلەمەکەو ملوانکەکەی سێحربازەکە لە ملیدا پچڕا. سێحربازەکە هەموو پیلانەکانی پووچەڵ بوونەوە.



بەم شێوەیە تەلیسمەکە کۆتایی پێهات، ئاریل دەنگی خۆی بە دەست هێنایەوەو ئێستاکە دەیتوانی بە شازادە ئێریك بڵێت کێیە. بەڵام بە تەواوی دەرکەوت کە ئاریل پەری دەریاییەو مرۆڤ نییە. ئێوارە بوو، کاتێ ئاریل دەیویست قسە بکات سێحربازی دەریا بە زۆر هاتو ئاریلی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ ژێر دەریا.



شازادە ئێریك کەوتە شوێن سێحربازەکەو بە تەواوی هێزیەوە لەگەڵی بەشەڕ هاتو دوای چەنـــدین کاتژمـــێر شەڕکردن توانی لە نێوی ببات. ئاریلیش گەڕایەوە بۆ لای باوکی کە پادشای ژێر دەریا بوو. ئاریل ناڕەحەت بوو چون دەیزانی هەرگیز ناتوانێ شازادە ئێریك ببینێتەوە. کاتی باوکی ئاریل چاوی بەم دیمەنە کەوت، زۆر بیری کردوە بۆیە بڕیاری دا ئاریل وەك مرۆڤ لێ بکات. ئەو کارەشی کرد ئێستا ئاریل ببوو بە کچێکی جوان. دوای ماوەیەك ئاریلو شازادە ئێریك پێکەوە زەماوندیان کرد. ئاریل لەگەڵ هاوڕێکانی لە ژێر دەریاماڵئاواییان کردو بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ شازادە ئێریك بە شادیو بە خۆشی پێکەوە ژیانیان بردە سەر.







# سەرقاڵیی

بە پێی ئەو وێنەی خوارەوە، پێنج چڵ شەمچە لە لایەکی هێمای بەرابەرکەو شەش چڵ شەمچە لەو لای دیکە دابنێن. چۆن دەتوان بە هەڵگرتنی یەك چڵ شەمچە ئەملاوئەملای هێمای بەرابەرەکە کە ئێستا نابەرابەرەن وەك یەك لێبکەن؟



ژمارەکانی یەك تا حەوت، بە شێوەیەك لەو خانانەدا دابنێن کە کۆی هەموو ستوونەکانی بکاتە ژمارەی 12.



شێخ عۆبەیدوڵڵا نەهری یەکەمین شۆڕشی بۆ سەربەخۆی کوردستان لە چ ساڵێکدا دەست پێکرد؟ 1870لە سووریە _ 1875لە شنۆ _ 1880لە تورکیە بە دژی حکوومەتەکانی عوسمانی و قاجار



دوو برا لە دادگادا لە بەرامبەر دادوەردا رادەوەستن. دادوەرەکە لێیان دەپرسێ ئێوە هەردووکتان بران؟ ئەوانیش دەڵێن بەڵێ. پاشان دادوەرەکە پرسیار دەکات باوکو دایکتان یەکێکە؟ ئەوانیش دەڵێن بەڵێ. کاتێ دادوەر سەیری ناسنامەکانیان دەکات هەردووکیان لە دایکبووی 30خەرمانانی 1990ن. دادوەر لێیان دەپرسێ حەتمەن ئێوە جەمکن، ئەوانیش دەڵێن نا. بەڕای ئێوە ئەمە چۆنە؟ لە کاتێکدا هیچیان درۆشیان نەکردووە.

دەزانن کێ ئەم وڵاتانەی دۆزیوەتەوە؟

1- چین لە لایەن مارکۆ پۆلۆوە لە ساڵی 1325ی زایینی
2- برێزیل لە لایەن کابرال لە ساڵی 1500ی زایینی
3- مێکزیك لە لایەن کۆرتێز لە ساڵی 1519ی زایینی
4- ئالاسکا لە لایەن میرنیگ لە ساڵی 1714ی زایینی
5- تاڤگەی ڤیکتۆریا لە لایەن لیۆنیکسۆن لە ساڵی 1855ی زایینی
6- جەمسەری باکوور لە لایەن پیێری لە ساڵی 1909ی زایینی
7- جەمسەری باشوور لە لایەن ئامۆندسێن لە ساڵی 1911ی زایینی



لە نێو زگی ئەم بۆقەدا دەتوانن چەند وشەی "قورباغە" ببینن، کە وشەیەکی فارسیەو بە مانای قربۆقە؟

# ئێمە دەیڵێین....

# ئێوە بینووسن...





بەڕای ئێوە ئازیزان چی ڕوویداوە؟ ئایا خاوەنی پارچە زێڕەکە پەیدا دەبێ؟ ئایا دەتوانن ئەم چیرۆکە بە کۆتایی بگەیەنن؟ لە چەند ڕستەدا درێژەی چیرۆکەکە بنووسن و خەڵات وەربگرن.

لە نێو حەوشەی ناوەندی نێرگزدا منداڵەکان خەریك بوون گوڵیان دەچاند. دیار بەر پرسی باخچەی ناوەند بوو، بۆیە بە یارمەتی فەردین‌و سیاوەش‌و سیپان خەریکی هێنانی گوڵ بوون بۆ ئەوەی لە باخچەی ناوەندا بیچێنن. حێکەمتی هاوسێشمان لەگەڵ دایکی چرۆ گوڵیان بۆ هێنایین. تەنانەت دایکی چرۆ ئەوەندە میێهرەبان بوو کە لەگەڵ هەژیر کە سەرنووسەری ئەم گۆڤارەیە خۆڵی تایبەتیشی بۆ باخچەکەمان دەهێنا. لە پڕدا دەنگە دەنگ بەرز بوویەوە، دیار لە نێو حەوشەکەدا پارچە زێڕێکی دۆزیەوە. ئەو پارچە زێڕە هی منداڵەکان نەبوون، کوڕەکان فشەیان دەکرد بە یەکتر خۆ ئێمە کچ نین کە ملوانکەی زێڕمان هەبێت حەتمەن هی کچەکانە.

دیارو هاوڕێکانی پارچە زێڕەکەیان برد بۆ لای کارگێڕی ناوەند.کارگێڕی ناوەند کە هەمیشە ناوچاوانی داوە بە یەکدا لە پشت مێزەکەیدا کاری دەکرد. دیار گوتی کاك فاتێح، کارگێڕیش بەبێ ئەوەیکە سەری هەڵێنێ گوتی: چیە بەشەر؟ ئاخر هەروەخت کاك فاتیح تووڕە دەبێت بە منداڵەکان دەڵێ بەشەر. فەردین گوتی شتێکی زۆر گرینگ. ئەویش لە وەڵامدا گوتی: چییە نەکا جەمسەری باکوورتان لکاندووە بە جەمسەری باشوورەوە؟ ئەوانیش گوتیان نا پارچە زێڕێکمان دۆزیوەتەوە. پاشان بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە. ئەوانیش هەمووە ئەندامانی کچی ناوەندیان کۆ کردەوە. بەڵام پارچە زێرکە بێ خاوەن بوو. بە ڕای ئێوە ئەو پارچە زێرە هی کێیەو چۆن کەوتووتە نێو حەوشەی ناوەندی نێرگزەوە؟



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین!!!!

## باقلاوە

ڕۆژێك کابرایەکی باقلاوەفرۆش هاوار دەکات: تەماتە، تەماتە.

کڕیارێکیش لێی نزیك دەبێتەوەو دەڵێت: دوو کیلوو تەماتەم بۆ بکێشە.

باقلاوەفرۆشەکەش دەڵێت: ئەوە تەماتە نییە، باقلاوەیە. بۆیە دەڵێم تەماتە بۆ ئەوەی مێشەکان نەزانن باقلاوەیە.

## پرسیاری مێژوویی

ڕۆژێك مامۆستا بە قوتابیەك دەڵێت: ئەوە چەند ڕۆژە گۆرەوییەکانت نەشۆردووە؟! بۆنیان زۆر ناخۆشە.

قوتابی دەڵێت: مامۆستا تۆ سەری خۆت پرسیاری مێژوویيم لێ مەکە.

کوڕ: دایکە هەرکەس بەشوێن هەر شتێکەوە بێت پەیدای دەکات؟

دایك: بەڵێ ڕۆڵەی گیان بەس کەمێ هەوڵو ماندووبوونی دەوێ

کوڕ: ئەی بۆچی لە بەیانییەوە لە نێو کابینێتەکەدا بە شوێن قەیسیەوشکەدا دەگەڕێم ناتوانم بیدۆزمەوە!!!



## شۆفێرو پۆلیس

ڕۆژێ کابرای زەنگ لێدەدا بۆ پۆلیسو هاوار دەکات: فریام کەون فەرمانی ماشینکەمیان دزی... دوای ماوەیەکی دیکە زەنگ لێدەداتەو دەڵێ: ببوورن قوربان هەڵەم کرد چون لە سەندەڵی پشت ماشینەکەمەوە دانیشتبووم!!!

# چیرۆکەکانی سەردارو سارا.... ئەمانەت





ئێستا ئەم کتێبەی پێدەدەم
هاتووم کتێبێکم پێبدەی
ئێستا دێمەوە
ئاگات لە کتێبەکەم بێ
تۆش هەروا هیوا گیان



ئاگات لی بێ کتێبی خۆم نییە
کتێبەکەی رەش‌و سپییە، با رەنگی بکەم
چییە خۆ نەخواردووە...
ئەوە چی ئەکەی؟
ئەوە چ خەبەرە؟
دایکە کتێبەکە ئەمانەت بوو
خۆ زێڕ نییە
ئێمە دەبێ ئەمانەت وەك خۆی بپارێزین

# لە گۆشەو کەناری جیهانەوە

## شەڕ لەگەڵ دار

لە کاتێکدا بڕینو خەسار کردنی درەختەکان لە ئێسپانیادا قەدەغەیە، لاوێکی 19ساڵە، لە مادرید بۆ ئەوەی دارێکی گـەورە کە لە پشـت ماڵیاندا بووە بڕێتەوە، دەستی داوەتە درووسـت کردنی بۆمبێك بۆ بڕینی ئەو دارە. دارەکە ئەوەندە گەورە بوو کە بە تەور نەدەبڕدرا. بۆیە ئەو لاوە بۆمبـێکی دروست کردووە. بەڵام بە تەقیـنـەوەش دارەکە هیچی لێنەهاتـــووە. هاوسێکان پاش بیـستنی دەنگی تەقیـنـەوەکە پۆلیـسیان ئاگـادار کردو پۆلیســیش ئەو لاوە 19ساڵەی کە بریـنداریش ببوو لە پشت ماڵ خۆیاندا دەستبەسەر کرد.



## کوڕی تیژبیر

کوڕێکی تەمەن 11ساڵانی ئاڵمانیو برا 5 ساڵانەکەی کاتێ لە نێو ئۆتۆمۆبیلی باوکیاندا لە پێش فرۆشتنگەیەك دانیشتبوون. دوو دز دێنو دەیانڕفێنن. بەڵام کوڕە 11ساڵانەکە لەگەڵ دزەکاندا دەکەوێتە دانووستانو لەگەڵ براکەیدا لە دەستی دزەکان ڕزگاریان دەبێ.

ئەو کوڕە بە پەیامنێرانی گووتووە کە بە دزەکانم گووتووە. هەرچیەکتان پێ خۆشە بیبەن، بەڵام منو براکەم وێڵ کەن، چونکوو تاوانی مرۆڤ ڕفاندن لە تاوانی دزینی ئۆتۆمۆبیل قورسترە. دزەکانیش ئەو قسەیان لێ قەبووڵ کردووەو ئازادیان کردوون.

## میوانی نەخوازراو

کابرایەکی پیر کە بە تەنیایی لە خانوویەکی گەورەدا لە واشینگتۆن دەژی، پاش هاتنەوەی بۆ ماڵەوە لاوێك لە شوێنی خەوتنەکەیدا دەبینێ، خێرا زەنگ لێدەدا بۆ پۆلیسو ئەو لاوە دەستبەسەر دەکەن. ئەو لاوە گوتوویەتی، سەرەتا بە مەبەستی دزی ڕۆشتوومەتە ئەو ماڵە، بەڵام پاش ئەوەی زانیومە کە ئەم خانووە چەند گەورەیە گوتوومە لەگەڵ خاوەنەکەی قسە دەکەم تا وەك کارەکەر دامبەزرێنێ.

# ئایا دەزانن؟؟؟؟

1ـ خێرایی تیشکی خۆر 29979 کیلۆمێترە لە خولەکێکدا.

2ـ یەکەم مانگی دەستکرد لە ساڵی 1957ی زایینی هەڵدرا.

3ـ وایت، یەکەم ئەمریکی بوو کە لە بۆشایی ئاسماندا رێی کرد.

4ـ رووسیا یەکەم کەسی ناردە بۆشایی ئاسمان.

5ـ یەکەم مووشەك بە 35 کاتژمێر گەیشتە مانگ.

6ـ گەورەترین جاڕی زەیتوون لە وڵاتی سوودانە.

7ـ بە وڵاتی شیلی دەڵێن: کۆتایی زەوی.

8ـ مێژووی دروستکردنی شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ 4000 ساڵ پێش لە زایین.

9ـ وڵاتی مۆریتانی بە وڵاتی ملیۆن شاعیر دەناسرێت.

10ـ ئەمریکا ساڵانە، بەقەد هەموو جیهان داهاتی گەشتوگوزاری هەیە.

11ـ قەتەر بە پلەی یەکەم دانراوە بۆ بەرهەمهێنانی گازی سروشتی.

12ـ ئەمریکا یەکەم وڵات بوو کە نەوتی کرد بە بێنزین.

13ـ کۆنگۆ 90٪ ئەڵماسی جیهان بەرهەم دێنێ.

14ـ ژاپۆن70٪ پشت بە نەوتی کەنداوی فارس دەبەستێ.

15ـ وڵاتی سوئیس، بە وڵاتی کاتژمێر بەناوبانگە.

16ـ بەرزترین باڵەخانە لە ویلایەتی شیکاگۆی ئەمریکادایە.

17ـ زۆرترین بانکەکانی جیهانی لە وڵاتی "سوئیس"دان، 750 بانك.





وەرزی پشوو هاتەوە
یاخوا بەخێربێتەوە
لە دوای ساڵێك تێكۆشان
ماندووبوونی بێ وچان
ئێستا نۆرەی یارییە
گەشتو كایەو شادییە
ئەوشمان لە بیر نەچێ
پشوومان لە كیس نەچێ
كاتەكانمان دابەش كەین
پشوویێ خۆش بەسەر بەین
پلان دانێین بۆ خۆمان
نەسووڕێینۆ لە كۆڵان



حەز دەكەم ئەم هاوینە
كە وەرزێ زۆر شیرینە
بڕۆم بۆ پۆلی هونەر
پشووم نەڕوا بێ سەمەر
ئێوەش چۆنتان پێ خۆشە
هاوین وەرزێكی خۆشە

بڕۆن بۆ یاریی فووتباڵ
یان تێنیسو بەسكتباڵ

یان خود بڕۆن بۆ زمان
فێربن گەلێك زۆر ئاسان
مەبەست لەم هۆنراوەیە
تەنیاو تەنیا ئەمەیە
نەبا لەبیرمان بچێ
پشوومان بە فیڕۆ چێ
بڵێین خۆ دەرس تەواو بوو
ئیشی خوێندن بەسەرچوو

خوێندن قەت بەسەر ناچێ
فێربوونیش تەواو نابێ
فێربوون ڕەمزی ئێمەیە
خوێندن چەكی ئێمەیە
بژی فێربوونو خوێندن...













# NERGIZ

is a monthly magazine issued by nergiz center for mental and artistic training of iranian kurdistan`s children

No: 13

navendinergiz@yahoo.com